# شەهید پیاوێکی بەوورەبوو

هەڤاڵی نەمرمان کاك جەمال تاهیر بۆ ساتێکی کورتیش خۆشی ژیانی ئازادی نەبینی کە هەموو ژیانی بیرکردنەوەو خەباتی دژواربوو, بۆ گەیشتنی گەلە تێکۆشەرەکەمان بە رزگاریو دیموکراتیو ژیانێکی کامەران, ساڵی 1962 شاری سلێمانی یەکگرتووبوو, خەباتی ناو شارەکانی کوردستان وەك هەموو سەنگەرەکانی پێشمەرگە سەنگی خۆی هەبوو, حکومەتی عیراقی هەمیشە دەیویست کەلێنێك بخاتە نێو خەباتی چەکداریو دانیشتوانی شارەکە بۆ چەند مەبەستێك سەرەتای خەباتی شۆڕشگێڕیی گەلەکەمان کە لەناو شارەوە دەستیپێکرد ئەوکاتە. بنەماڵەی شەهید کە هەموو پێکەوە ئەژیان لەژێر چەتری دایکی شیرینیان, شەهیدی برایان (کاك حەمە رەشید) یەکێك بوو لە هەڤاڵە تێکۆشەرەکانی خەباتی نهێنیو, ماڵەکەیان بە رەزامەندیی هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەیان کردبوویان بە یەکێك لە جێگاکانی دابەشکردنی چاپەمەنییەکانی شۆڕش, دوای دەرچوونی لە چاپخانەی نهێنی, لەوساڵەدا بوو, بۆ یەکەمجار شەهیدی نەمر کاك جەمال-م بینی, بەشەهیدی نەمر کاك حەمە رەشید-م وت کە ئەو ئەدەبیاتانەی دێن دوای چاپکردنیان دەبێت چاویان پیابخشێنرێتەوە, بەقەڵەم چاکبکرێن لەبەر ئەوەی زۆرجار رۆنیۆکانمان باش دەری نەئەکردو بۆ ئەوەی ئەو ئەدەبیاتانەی لە سەرووی لاپەڕەیەکەوە بێت دەرزی لێبدرێت, پێم وت سێ هەڤاڵ ئەنێرم بۆ ئەم کارانە بۆ ئەوەی بە خێرایی چاکبکرێن یان دەرزییان لێبدرێت پێی وتم هەر لە ماڵەوە پێنج ئەندامی خۆمانمان هەیە, وتم کێو کێن یەکسەر وتی خۆمو جەمالو کەمالو قادرو ئەگەر پێویست بێ کاك مستەفای خوشکەزاشم پێویست ناکات کەسی تر بێت, چونکە ئەوانە هەموویان خەتخۆشو نهێنی پارێزنو هەموو هاریکارییەکمان دەکەن, پێم وت پێش ئەوەی قسەیان لەگەڵدا بکەیت ئەمەوێت بیانبینم یەکەمیان شەهید جەمال کە قوتابییەکی سووروسپیو چاوشینو باڵابەرزبوو زۆر بەشەرمەوە لە گەڵماندا دانیشت بێ ئەوەی بزانێت کە من بۆچی ئەو خۆناسینەم لەگەڵداکردو بۆ یەکەمجار بوو ساتێکی کورت لەگەڵیاندابووم, لەکۆندا بەهۆی تێکۆشەری دێرینی ناوداری گەلەکەمان کاك ئەحمەد مەجید بەهۆی کارە نهێنییەکانەوە لەیەك نزیکبووین بەگشتی ئەو بنەماڵەیە ئاشنای کۆنی باوکم بوونو زۆر بڕوای بەتینیان بەیەکتری بوو.

بنەماڵەی شەهید کاك حەمە رەشیدو شەهید جەمال بەدرێژایی (14ساڵ) لە گەڵ شەهیدی نەمردا وەك برایەکی دڵسۆزو وەك کەسێکی نزیكو وەك هەڤاڵی یەك رێبازی کوردایەتی ئاگاداری یەکتربووین لە دوورەوە بووبێت یا لەنزیکەوە هەمیشە هەستم بەڕێز گرتنو وەفای شەهیدی نەمرئەکرد بەرامبەرم, گەلێکجار سەیرانی دەربەندیخانو تەوێڵەو بیارەو زێوێو مێرگەپانمان دەکرد لە کاتەکانی تایبەتی خۆمان لەگەڵ برا تێکۆشەرەکانی گەلەکەمان, لەو جێگاخۆشانە کاتمان بەسەردەبردو بیرەوەرییەکانی رۆژانی سەختمان سەرکەوتووانە دەهاتەوە یادو کاتی خۆشیمان هەمیشە ئەو کاتانەبوو کە ئەو پۆلە هەڤاڵە یەکترمان ئەگرت. هەروەك هەموو مرۆڤێکی کوردی بەوەفا لە رۆژانی سەختدا, رێگای خەباتی پڕ لە ئەشکەنجەی دەگرتەبەر. هەر لەساڵی 1975 بۆچوونمان بۆ چارەسەرو پوچکردنەوەی پیلانەکانی رژێمی عیراق دروستکردنەوەی رێکخستنە جەماوەرییە نهێنییەکانو خەباتی چەکداری بوو, لەسەر شێوەی شەڕی پارتیزانی, شەهیدی نەمر وەکو هەڤاڵێکی تێکۆشەری کۆمەڵە زۆری پێخۆشبوو کە بۆ چەندجارێك لەگەڵ شەهیدی قارەمانی گەلەکەمان کاك شیهاب دانیشتنمانکرد, پاش ماوەیەکی کورت یەکەم دانیشتن کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان (شەهید عەزیز مەحمود, شەهید شازاد سایب,شەهید جەمال تاهیر) لە ماڵی کاك عەزیز مەحمود ئەنجامدرا لەو ساتانەدا(شەهید جەماڵە رەش) ناوبەناو ئەهات بۆلامان. چەندین کۆمیتەی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

تێکۆشەری ترمان لەکاردابوون لە شارەکانی ترو دەرەوەی شار, هاوڕێی تێکۆشەرمان هەمیشە پیاوێکی بەورەبوو, هەمیشە بڕوای بە سەرکەوتن بوو, بەهەموو سەرکەوتنە بچووکەکانیشمان چ لە ڕووی ڕێکخراوەیی‌و چ لەڕووی خەباتی چەکدارییەوە, ئەوپەڕی دڵخۆشیی لێبەدیدەکرا بەقسەخۆشەکانی دەیگوت هەڵساین‌و لەسەر قاچی خۆمان وەستاینەوەو دەبین بەدەوڵەت.هاوڕێ جەمال لێپرسراوی چەند هێڵێکی ڕێکخستنە نهێنییەکانمان بوو, هەڤاڵ جەمال تاهیر دەستگیرکرا بەڵام سەربەرزانە لەو ئەزموونە تاڵە رزگاریبوو, پاشان لەشاخ درێژەی بە خەباتی پڕلەسەروەریی خۆیدا تا لە ساڵی 1983دا شەهیدبوو, توانی جێگایەکی پڕلەشانازی لە نێو لاپەڕەکانی مێژووی گەلەکەماندا بۆ خۆی مسۆگەربکات .

حەمە چاوشین

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com